خاتخاتۆکە ٩

پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێڕی نوێ یە ژمارە (٩)ی هاوینی ٢٠٢٦



پشوویەکی شاد و هاوینێکی پڕ لە سوود!



هاوڕێیە بچکۆلەکانمان..

دوای ساڵێکی پڕ لە ماندووبوون، کاتی پشووی هاوین هات! ئەم پشووە تەنها بۆ حەسانەوە نییە، بەڵکو دەرفەتێکە بۆ ئەوەی زیاتر گەشە بکەن. با پێکەوە ئەم هاوینە بەم کارانە بڕازێنینەوە:

• با هیچ ڕۆژێک بەبێ خوێندنەوەی چیرۆکێکی خۆش تێنەپەڕێت؛ کتێب باشترین هاوڕێی تەنهاییە.

• لە بری دانیشتنی زۆر بەدیار شاشەی مۆبایل و تەلەفزیۆنەوە، بچنە دەرەوە و یاری و وەرزش بکەن تا جەستەتان بەهێز بێت.

• کاتەکانتان بەکاربهێنن بۆ فێربوونی وێنەکێشان، مەلەوانی، یان هەر کارێکی دەستی کە حەزتان لێیە.

• بە یارمەتیدانی دایک و باوکتان لە ماڵەوە، نیشانی بدەن کە ئێوە چەندە منداڵی لێهاتوو و بەڕێزن.

خاڵخاڵۆکە لەم ژمارەیەشدا بە کۆمەڵێک بابەتی ڕەنگینەوە هاوڕێی ساتەکانی پشووتان دەبێت.

هاوینتان پڕ بێت لە گەڕان و زانیاری و دڵخۆشی!

ژمارە (٩)ی هاوینی ٢٠٢٦
پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێڕی نوێ یە
ناوەندی ڕووناکبیری شارباژێڕ دەریدەکات

لێپرسراوی ناوەند:
ئامانج شارباژێڕی

سەرنوسەر:
سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
07701585241

دەستەی نووسەران:
ئازاد تەها - ئەنوەر شارباژێڕی - ئارەزوو عەبدولخالق

ناونیشان:
سلێمانی - ناحیەی سیتەک
نۆفیسی ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ

چاپ: چاپخانەی پاندا
دیزاین: جەلیل حسێن

جلی کوردی

ئاکۆ محەمەد سابیر - سوید



سوپاس سوپاس داپیرە
بۆ ئەو پۆشاکە جوانە
چەند ڕازاوە دڵگیرە
هاوشێوەی کوردستانە
ناسکی و جوانی ڕەنگەکان
ئاماژەیەکی جوانن
کە کورد نەتەوەیەکە
هونەردۆست و نیانن
پۆشاکم سەربەخۆیە
دەبێت خاکیشم وابێت
پڕ گەرووم هاوار دەکەم
یاخوا وەتەن ئاوابێت
جلی کوردی و ئاڵاکەم
زمانە پاراوەکەم
مێژوی پاکو دێرینم
نەخشەی خاکی شیرینم
پێناسەی نیشتیمانن
بۆ کوردستانی جوانم

مۆسیقا

نەجمەین کاکەبرا- چەمچەماڵ



حەزم لە مۆسیقایە
ئاوازی خۆشی تیایە
هەست و سۆز دەبزوێنێ
ئارامی بۆ گیان دێنێ
هەر ئامێرە دەنگی خۆی
لام خۆشە گوێ دەگرم بۆی
لەگەڵی دەبمە کۆرسێ
چی بکەم زارم ناوەستێ
خێرا دەبمە ئامێرێ
عودێ یاخود بلوێرێ
سیمفۆنیایە دەژەنین
خۆشی دەبەخشین بە ژین
پێی دەڵێن زمانی گەلان
خۆشە وەک دەنگی مەلان



قـەیسـی

بێری مەحمودی- پەسوێ، پیرانشار

منم میوەی هـاوینم
پـڕ پـڕ لـە ڤیتامینم

زەرد و شیرین ئاودارم
دارە قـەیسیـم پـڕ بـارم

وەکو تـۆ کوڵمم سووڕە
ماڵم لە باغـی دوورە

مـەڕوانـە ڕەنگـی زەردم
بمخۆ دەرمانی دەردم



هەڵماقۆ

نەوزاد محەمەد ئالانی- سلێمانی

وەرن هەنسک و هێڕۆ
بیکەین یاری هەڵماقۆ
دەی هەنسک تۆ بەرد بێنە
هێڕۆ جوان بیوەستێنە
هەریەکەمان سێ کایە
پێنج بەردمان لەدەستایە
کێ ئەتوانێت نەبەزێ
بەرد هەڵگرێ نەلەرزێ
دەی هێڤی لەدوای هێڕۆ
نۆرەی بەرد دێتە سەر تۆ
ئەها چەند جوانە لانە
یەکەمی ناو کچانە
هەڵماقۆ وازی جاران
یاری لەگوندو شاران

باپیرە هەنگوینفرۆش

نووسینی: مستەفا ڕوحی شیرین

لەتورکییەوە: سەرهەنگ عەبدولرەحمان

پیاوێکی پیر هەبوو، هەنگوینی دەفرۆشت. هەموو کەس پێیان دەگوت «باپیرە هەنگوینفرۆش». هاواری دەکرد و دەیگوت: «هەنگوین دەکڕم و دەیفرۆشم، هەنگوین دەفرۆشم» و هەنگوینەکەی ساغ دەکردەوە. زمانێکی شیرین و ڕوویەکی خۆشی هەبوو. منداڵان کە دەنگییان دەبیست، دەچوونە لای و سەیریان دەکرد. ئەویش منداڵانی زۆر خۆش دەویست.

هەنگوینەکەی لە شوێنێکی زۆر دوورەوە، لە وڵاتی هەنگەکانەوە دەهێنا. ئەو هەنگوینەی دەیفرۆشت، زۆر ئەسڵ بوو. ڕووخساری باپیرە هەنگوینفرۆش هەمیشە وەک گوڵ گەشاوە بوو. بە ڕاستی مرۆڤێکی زۆر شیرین و خۆشەویست بوو؛ ئەوەندە خۆشەویست بوو کە ئەگەر لە جیاتی هەنگوین، ژەهریشی بفرۆشتایە، خەڵک هەر لێیان دەکڕی و دەیانخوارد. منداڵان زۆریان خۆشدەویست و ئەم گۆرانییەیان بۆ دەوت:

باپیرە گوڵەکەمان

باپیرە هەنگوینەکەمان


لەو هەنگوینە جوانەت

کەمێکمان پێ بدە

باپیرە هەنگوێنەکەمان...

باپیرە هەنگوینفرۆش بە فرۆشتنی هەنگوین بژێوی ژیانی دابین دەکرد. لەبەر ئەوەی هەمووان خۆشیان دەویست، هەنگوینێکی زۆری دەفرۆشت.

پیاوێک هەبوو چاوی بەمە هەڵنەدەهات و ئیرەیی پێ دەبرد. بڕیاری دا ئەویش هەنگوین بفرۆشێت.






ئەم پیاوە مرۆمۆچ و ڕووتەڵخ و بڕۆگرژ بوو. سینییەکی هەنگوینی خستە سەر سەری و بە ڕوویەکی ترش و تاڵەوە دەستیکرد بە گەڕان بەناو کۆڵانەکاندا. ڕۆژێک گەڕا، دوو ڕۆژ گەڕا، بەڵام یەک گرام هەنگوینیشی پێ نەفرۆشرا. هاوسەرەکەی کە ژنێکی ڕووخۆش بوو، زۆر بۆی دڵتەنگ بوو، پێی گوت:

— «هەنگوینی مرۆڤی ڕووتەڵخ، هەر بە ترشی دەمێنێتەوە.»

پیاوەکە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە و لە گۆشەیەکدا بە تورەییەوە دانیشتبوو. بەڵام هاوسەرەکەی ڕاستی دەکرد؛ باپیرە هەنگوینفرۆش بەهۆی ڕووخۆشییەکەیەوە سەرکەوتوو بوو لە کارەکەیدا. پیاوە ئیرەیی پێبەرەکە پێشتر بیری لەمە نەکردبووەوە. لە کۆتاییدا ئەویش تێگەیشت کە ڕووخۆشی چەند شتێکی جوان و گرنگە.





پەندی ئەم چیرۆکە:

ئەم چیرۆکە فێرمان دەکات کە لە ژیان و کاردا، ڕەوشتی جوان و زمانی پاراو لە خودی کاڵاکە گرنگترە. مرۆڤی ڕووخۆش دڵەکان بۆ خۆی ڕادەکێشێت و دەبێتە جێی متمانەی دەوروبەرەکەی. وەک چۆن لە پەندە کوردییەکانماندا هاتووە: ڕووی خۆش لە نانی گەرم باشترە: چونکە مرۆڤ پێش خواردن، پێویستی بە میهرەبانییە. کەواتە ڕووخۆشی تامی هەموو شتێک شیرینتر دەکات.



نوسەرانی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد

عەبدوڵڵا شارباژێڕی

ئا: ڤینا

ناوی تەواوی، عەبدوڵڵا کوڕی مەلا سالح کوڕی ئەحمەدە و لە بواری نووسیندا بە عەبدوڵڵا سالح شارباژێڕی ناسراوە.

ساڵی ١٩٣٩ لە ناحیەی (گاپیلۆن)ی سەر بە قەزای ماوەت لە ناوچەی شارباژێڕ لەدایکبووە. سەرەتاکانی ژیانی منداڵی پڕ بووە لە کوێرەوەری؛ بۆ دابینکردنی بژێوی خێزانەکەی، دەستی داوەتە شوانی و کرێکاری. هەر لە تەمەنی لاویدا، بەهۆی ستەمی ئاغاوە خێزانەکەیان ناچار دەبن گوندەکەیان بەجێبهێڵن و ڕوو بکەنە گوندەکانی (سەد و بیست) و (زرگوێز) لە نزیک ناوچەی قەرەداغ.

هەر لە منداڵییەوە لای باوکی، قورئانی پیرۆز و وانە ئایینییەکانی خوێندووە. دواتر چووەتە قوتابخانە و تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی بڕیوە، بەڵام بەهۆی هەژارییەوە ناچار بووە واز لە خوێندن بهێنێت و ببێتە فەرمانبەر. لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەداوە؛ ئێواران خوێندوویەتی و توانیویەتی قۆناغی ئامادەیی بەسەرکەوتوویی تەواو بکات.

شاعیر لە منداڵییەوە خولیای خوێندنەوە و نووسینی هەبووە. وەک مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر، چەندین هۆنراوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردووەتەوە. دواتر کۆی بەرهەمەکانی لە چوارچێوەی دوو کتێبدا چاپ کردووە:

• ڕووبارێکی هەڵچوو (١٩٨٦)، شەپۆل و دەریا (٢٠٠٥)

هەروەها بایەخێکی زۆری بە ئەدەبیاتی منداڵان داوە و لە ساڵی ١٩٩٢دا نامیلکەیەکی شیعری بە ناوی (ڕێژنە و ڤیان) بۆ منداڵان چاپ کردووە، جگە لە بڵاوکردنەوەی چەندین هۆنراوە لە گۆڤاری (پەپوولە)دا.

دواجار لە ڕێکەوتی ٦ی ئەیلولی ٢٠١٣ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دواییکرد و لەسەر وەسیەتی خۆی، لە گوندی (سەد و بیست) بە خاک سپێردرا.

تێبینی: هەر لەم ژمارەیەدا، هۆنراوەیەکی شاعیر بە ناونیشانی (پەرەسێلکە) بڵاوکراوەتەوە.



شاخی کوڕە کاژاو

ئارەزوو عەبدولخالق

کوڕە کاژاو، شاخێکی بەرزەو لوتکەیەکی بڵندی هەیە، دەکەوێتە سنوری بەرزنجەو دەڕوانێت بەسەر هەموو شارباژێڕو بەرزنجەدا، (٤٠)کم لە سلێمانییەوە دوورە. کوڕەکاژاو لە باکورییەوە گوندی حاجی مامەندە. لەباشوورییەوە گوندی هۆندەرێنەیە. لەڕۆژهەڵاتییەوە گوندی بەرقەڵایە. لەڕۆژ ئاواشەوە گوندی باراوە. ئەم شاخە لای خەڵکی سلێمانی و شارباژێڕ ناسراوەو شوێنێکی بەرزو دڵگیرە، هەربۆیە ساڵانە گروپەکانی شاخەوانی چەند جارێک لە وەرزی زستان و کاتی بەفرباریندا دەچنەسەر ئەم شاخەو بەهۆی بەرزییەکەیەوە لە وەرزەکانی تریشدا دەبێتە جێ سەرنجی خەڵک و وەک شوێنێکی دڵگیر خەڵک دەچنەسەر شاخەکە.

ئەم شاخە بەهۆی بەرزییەکەیەوە کە ٢٢٢٥ م لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزەو لەکۆنەوە بەنمونە هێناویانەتەوە بۆ ئەو کەسانەی لەخۆبایی و لوتبەرزن. وتویانە: لوتی لەکوڕە کاژاوە.



سەمای تاووس



لە عەرەبییەوە: ئازاد تەها عەلی

بەیانییەک، تاووس هەستی بە شەرمەزاری کرد. لووتبەرزی و شانازیکردنی زۆری بە پەڕووبااڵە جوانەکەیەوە، گەیاندبوویە دۆخێکی نالەبار؛ چیتر هیچ هاوڕێیەکی نەمابوو. چۆلەکە و کوندەپەپوو لێی دوور کەوتبوونەوە، بولبول و پەسندە و کەو کۆڕی خۆیان لێ جیا کردبووەوە، چۆلەکەی ماڵ و کۆترەکان وازیان لێ هێنابوو، مراوی و قازەکانیش لێی تووڕە بوون، تەنانەت قەلەڕەش و سوورەپێلەکانیش دژایەتیی خۆیان بۆ ڕاگەیاندبوو.

بۆیە تاووس هەستی بە شەرمەزاری کرد و تێگەیشت کە هاوڕێکان ئەو کەسانەن کە شادی و خۆشی بە ژیان دەبەخشن، مرۆڤی بێ هاوڕێش وەک بیابانێکی بێ ئاو وایە.

ئاوا بەیانییەک تاووس هەستی کرد زۆر تەنیایە و دڵتەنگە، بڕیاری دا دەستبەرداری لووتبەرزی و فیزلێدانی بەسەر پەڕە جوانەکانیدا بێت. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی شادی بخاتە ناو دڵی ئەوانی تردوە.

تاووس چوو بۆ باخچەیەکی گۆرانی، کە منداڵان و پیاوان و ژنان ڕوویان تێ دەکرد و لەسەر دارەکانیش هەموو جۆرە باڵندەیەک نیشتبوونەوە: چۆلەکە، کوندەپەپوو، بولبول، پەسندە، کەو، چۆلەکەی ماڵ و کۆتر. لەوێدا تاووس دەستی کرد بە سەمایەکی ناسک، بێ ئەوەی یەک وشە دەربارەی پەڕە جوانەکانی بڵێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شادی و خۆشی بچێتە ناو دڵی هەمووانەوە.

لەو کاتەدا، هەموو باڵندەکان درکیان بەوە کرد کە تاووس چیتر پەڕەکانی بۆ خۆنواندن و لەخۆباییبوون پیشان نادات. بۆیە بڕیاریان دا کۆتایی بە بایکۆتکردنی بهێنن و دەستیان کرد بە چریکە و گۆرانی، لە کاتێکدا تاووس سەرقاڵی سەمای خۆی بوو؛ بەمەش هەمووان بەشداربیان کرد لە گەیاندنی شادی بە دڵی خەڵکی.

.....

پەسندە: باڵندەی (السنونو)

دیلان و هەنگ

ڕەزا شوان- نەرویج



دیلان لە وەرزی بەهار و هاویندا، زۆر ڕۆژ لەسەر چیمەنی بن دارتوە بەرزەکەی باخچە جوانەکەی ماڵەکەیاندا دادەنیشت. کە چەندین جۆرە گوڵی جوان و بۆنخۆشی تێدایە. بە سەیرکردن و بۆنکردنی گوڵەکان مەست دەبو. گوێی لە دەنگی بولبول و جریوە جریوی چۆلەکەکان دەگرت. بە دیمەنی نیشتنەوەی هەنگ و پەپولەی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر گوڵەکان، زۆر دڵخۆش دەبو.

دیلان ببو بە هاوڕێی چەندین پەپولە و هەنگ و باڵندەی جوان و دەنگخۆش.

ڕۆژێکیان هەنگێکی هاوڕێی لەبەردەمیدا نیشتەوە، بۆ ئەوەی کەمێک پشو بدات.



هەنگەکە: رۆژ باش هاوڕێی شیرینم.
دیلان: ژیانت باش هاوڕێی خۆشەویستم.
دیلان چەند دەنکێک تریێ سپیی لە بەردەم هەنگەکەدا دانا. هەنگەکەش شیلەی دەنکە تریێیەکانی مژی و مەست بو.
هەنگەکە: زۆر سوپاس دیلان، تریێیەکی بەتام و خۆشە.
دیلان: نۆشت بێت هاوڕێ ئازیزم. هەنگە گیان ئێوەش قوتابخانەتان هەیە؟
هەنگەکە: بەڵێ ئێمەش جیهانی تایبەتی خۆمان هەیە. شانەکەمان مال و قوتابخانەمانە. مامۆستا و زانامان هەیە. دەربارەی سروشت و گوڵەکان و کارکردن، فێری ئەزمون و شارەزایی خۆیانمان دەکەن.
دیلان: ئەی چیرۆکتان بۆ دەگێڕنەوە؟
هەنگەکە: باپیرانمان، چیرۆکی بەسەرهاتی شیرین و تاڵی خۆیان بۆمان دەگێڕنەوە.
دیلان: ئێوەش دەستور و یاسا و داب ونەریتی خۆتان هەیە؟
هەنگەکە: بێگومان، ئێمەش ژیانێکی کۆمەڵایەتیمان هەیە. دەستور و یاسا و نەریتی خۆمان هەیە. خوشک و برایەن و خۆشەویستی و دڵسۆزی و ڕێز لە نێوانماندا هەیە. ئیشەکانمان دابەش کردوە و هاوکاری یەکتری دەکەین.
دیلان: هاوڕێ ئازیزم، دەتبینم لە بەیانییەوە تا ئێوارە بێوچان کاردەکەیت. ماندونابیت؟
هەنگەکە: کارکردن لەلای ئیمە پیرۆزە. کارکردن ژیان و خۆشی و بەختەوەرییە. دروشمی ئێمە کارکردن و بەرهەمهێنانی هەنگوینی خۆشە. ئەوەی کاریش نەکات ناخوات. کارکردنیش بێ ماندوبون نییە. لە بەهار و هاویندا، ئازۆقەی زستان دادەنێین. بیر لە زستانی بێ گوڵزار و سارد دەکەینەوە.
دیلان: ئێوە زۆر میهرەبان و بەرچاوتێر و بەخشندەن.
هەنگەکە: دیلان گیان، ژیان بەخشین و وەرگرتنە. بەشێکی زۆری هەنگوینەکانمان بە مرۆڤ دەبەخشین. مرۆڤیش خزمەتی ئێمە دەکات.
دیلان: هەی ئافەرین هەنگی بلیمەتی هاوڕێم، بۆ ئەم قسە جوانانەت. بۆ من دەبنە وانەیەکی باش و بەسود. بۆ ئەوەی چاوت لێبکەم. بەڵێن بێت، منیش بێوچان کۆشش بکەم. تەنیاش بۆ خۆم نەژیم. بەخشندەبم و سود بە کەسانی تر بگەیەنم.
هەنگەکە: دەمخۆش دیلان. دەی تۆ ئەرکەکانی قوتابخانەت جێبەجێ بکە.. منیش دەچم بەلای کاری خۆمەوە.. تا بەیەکگەیشتنەوەیەکی تر.. مالئاوا.



فیلۆ و بۆقیلە



لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

ئەو شەوە فیلۆ تا بەیانی خەو نەچووە چاوانی. هەر ئەمدیوە و دیوی کرد. سکی دەنگێکی سەیری لێدەهات: قۆڕە...قۆڕ... بۆقەکەی لای کانییەکەی بیرهاتەوە. بەیانی زوو بەغار چووە لای دکتۆر فیلا.

دکتۆر لە فیلۆی پرسی: "چی بووە فیلۆ؟ دیسانەوە سەرمات بووە؟"

فیلۆ بەنیگەرانییەوە وتی: "نا! بۆقم قووت داوە!"

دکتۆر فیلا قاقا پێکەنی و وتی: "چۆن شتی وا دەبێت فیلۆ!؟"

فیلۆ وتی: "ئاخر دەنگی لەناو سکمدا دەبیستم."

دکتۆر فیلا "سەماعە"کەی لەسەر سکی فیلۆ داناو بەوردی گوێی لێگرت. پاشان وتی:

"بەر دەنگی ئاو دەبیستم. پێم بڵێ بزانم چت خواردووە؟!"

فیلۆ کەمێک بیری کردەوە و وتی: "سەرەتا ئاوم لە کانییەکە خواردەوە. ئنجا هەندێک لق و گەڵای ناسکم خوارد. جارێکیتر ئاوم خواردەوە. دواتر مۆزم خوارد و دیسانەوە ئاوم خواردەوە."

دکتۆر "سەماعە"کەی جوڵاند و پێکەنی و وتی: "دەزانم بۆقت نەخواردووە! بەڵکو لەکاتی نانخواردندا ئاوێکی زۆرت خواردۆتەوە!"

فیلۆ وتی: "ئەوە بۆیە سکە داماوەکەم هەر قۆڕە قۆڕی بوو. بەڵێن بێت لەمەودوا لەکاتی نانخواردندا زۆر ئاو نەخۆمەوە."



پەڕەسێلکە



عەبدولاّ سالّح شارباژێڕی

پەڕەسێلکە، چەند جوانی
وەرزی هاوین لامانی
لە گوێسوانە و هەیوانا
دروست ئەکەی هێلانە
ئێمەی منداڵ، زۆر ژیرین
دۆستی مەلی دڵگیرین
هێلانەت، ناشێوێنین
مااڵت، لێ ناڕووخێنین
تاکو دوور لە ئازار بی
هەمیشە هەر بەختیار بی



یاری خلیسکێنە

نووسنی: نرگس افروز
نیگارکێش: زینب بدری
لەفارسییەوە: توانا نەوشیروان

مشکۆلە کلکی دایکی ڕاکێشاو و تی: دایکە، دایکە، هەستە
بمبە بۆ یاری خلیسکێنە.

دایکی مشکۆله چاوەکانی کردەوە، بەڵام لەناو جێگەکەیدا نەجوڵا.

مشکۆله ڕۆیشت پەنجەرەی ژوورەکەی کردەوە.

بەدەنگی بەرز وتی: کونەپەپوو، کونەپەپوو، وەرە من بخۆ، چون دایکم نامبات بۆ یاری خلیسکێنە!

کونەپەپوو باڵیدا و هات لەسەر لێوی پەنجەرەکە نیشتەوە، سەیری مشکۆلەی کرد و وتی: تۆ زۆر بچوکی، من تۆ ناخۆم!

مشکۆله وتی: کەوایە، ئێستا چی بکەین؟

کونەپەپووەکە وتی: دەڕۆم دایکت دەخۆم!

دواتر باڵیدا و فڕی، تا دایکە مشک بگرێت، دایکە مشک لەسەر جێگەی نووستنەکەی خۆی هەڵیدایە خواردەوە و ڕۆیشت لەژێر چرپاکەیدا خۆی شاردەوە.

مشکۆله بەدڵخۆشییەوە وتی: ئەی گیان، دایکم لەجێگەکەی هەستا، ئێستا دەتوانین بچین بۆ یاری خلیسکێنە.

کونەپەپووەکە وتی: بەخۆشی کاتەکانتان بەسەر ببەن.

پاشان هەڵفڕی و ڕۆیشت.




کۆڵوانەی خاڵخاڵۆکە

چرۆ ڕەشید

بەیانییەکی ناوازە بوو، کاتێک خۆر بە تیشکە زێڕینەکانی خەندەی خستبووە سەر گەڵا و گوڵ و درەختەکان؛ "جۆری"ـی ئێسکسوک و خنجیلە، لە باخچەی ماڵەکەیاندا مێرووێەکی بچووکی بینی. سەربااڵەکانی مێرووەکە سوورێکی خاڵخاڵی ڕەش بوو، ڕێک وەک ئەوەی کۆڵوانەیەکی لەسەر شان بێت و باڵەکانی لەبەر تیشکی خۆرەکە دەدرەوشانەوە.
کاتێک "جۆری" کەمێک لێی نزیک بووەوە، مێرووەکە وتی: «سڵاو!»
"جۆری" بە سەرسوڕمانەوە وتی: «ئای! مێروی قسەکەر؟!»
مێرووەکە وتی: «بەڵێ، من مێرووێەکی ئەفسوناوییم، ناوم خاڵخاڵۆکەیە و لە شوێنێکی دوورەوە هاتووم بۆ ئێرە.»
خاڵخاڵۆکە ڕووی کردە "جۆری" و وتی: «حەز دەکەیت ببیت بە هاوڕێم؟ پێکەوە بچین بۆ ناو دارستان؟»
"جۆری" بە خۆشییەوە وتی: «بەڵێ!»
هەردوکیان کەوتنە ڕێ بەرەو دارستان. لەوێ بینییان گوڵەکان گۆرانی دەڵێن و درەختەکان سەما دەکەن؛ هەموو هەنگاوێک وزە و شادیی پێ دەبەخشین. "جۆری" بە خاڵخاڵۆکەی وت: «کۆڵوانەکەی سەر شانت زۆر سەرنجڕاکێشە!»
خاڵخاڵۆکە وتی: «ڕەنگە سوورەکەی، یارمەتیدەرە بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە؛ خاڵە ڕەشەکانیش فێرمان دەکەن وریا و ئاگاداری ڕووداوە زیانبەخشەکان بین.»
"جۆری" بە بینین و بیستنی جوانییەکانی ئەم جیهانە سەیرەی خاڵخاڵۆکە زۆر دڵخۆش بوو. لەو کاتەدا بێچووە باڵندەیەکیان بینی کە زۆر دڵتەنگ بوو، چونکە نەیدەتوانی بگەڕێتەوە ناو هێلانەکەی. "جۆری" بڕیاری دا یارمەتی بدات؛ بە دەستە بچووکەکانی، زۆر لەسەرخۆ بێچووەکەی خستەوە ناو هێلانەکەی.
پاشان "جۆری" وتی: «دەزانیت؟ دڵخۆشیی ڕاستەقینە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە یارمەتیی ئەو کەسانە بدەیت کە پێویستیان پێیەتی.»
کات درەنگ بوو، خاڵخاڵۆکە وتی: «کاتی ئەوە هاتووە تۆ بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە.»
"جۆری" گەڕایەوە بۆ باخچەکەی خۆیان، بەڵام ئەمجارە هەستی بە هێز و شادییەکی زیاتر دەکرد. ئەو هەمیشە بیری لە خاڵخاڵۆکە و کۆڵوانە درەوشاوەکەی دەکردەوە؛ هەر کاتێکیش بیری بکەوتایەتەوە، زەردەخەنەیەکی گەورە دەهاتە سەر لێوی و وێنەی کۆڵوانە سوور و ڕەشەکە دەهاتەوە بەرچاوی.




ئەم وێنەیە ڕەنگ بکە



هاوڕێیەتیی سەگەکان

نوسینی: سەمیر عەبدولباقی
لە عەرەبییەوە: سەرگوڵ کەریم



خۆر بە گەشی لە باخچەکە دەدرەوشایەوەو لەو کەشوهەوا خۆشەدا، سێ سەگ بە سۆز و خۆشەویستییەوە خەریکی یاری و گاڵتەوگەپ بوون.

یەکەمیان وتی:

— من ناتوانم وەسفی هەستی خۆم بکەم بۆ "زەنجەر"ی هاوڕێم و نازانم "عەنبەر" چ جێگەیەکی لە دڵمدا هەیە..

عەنبەر بە سوپاسگوزارییەوە وەڵامی دایەوە:

— هیوادارم ژیان دەرفەتێکم بداتێ تا بۆت بسەلمێنم کە تۆ لای من لە باوکم و تووتەڵەکانم ئازیزتری.. تەنانەت لە گیانی خۆشم خۆشەویستریت!

زەنجەر بە وەرینێکی پڕ لە سۆزەوە وتی:

— منیش.. ئایا تۆ منت وەک خۆت خۆش ناوێت؟

بەڵام هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، عەنبەر وتی:

— هاوڕێ گیان، ڕێگەم بدە قسەکەم تەواو بکەم.. ئێمە هەرسێکمان دەبینە نموونەی وەفا و پەلەش مەکە گرنگ کرداره نەک تەنها قسە!

هەر سێ سەگەکە دەستیان کرد بە حەپەحەپ و یەکتریان دەلاواندەوە. بەڵام لەپڕ کەسێک پارچە گۆشتێکی هەڵدایە ناو باخچەکە.

نازانم ئەوە ڕێکەوت بوو، یان ویستی تاقیان بکاتەوە کە تا چەند هاوڕێیەتییەکەیان ڕاستەقینەیە؟

هەر کە گۆشتەکە کەوتە سەر زەویی باخچەکە.. ڕاستی و ناخی هەمووان دەرکەوت! هەر سێ هاوڕێکە وەک باز پەلاماری گۆشتەکەیان دا، پەردەی هاوڕێیەتیی درۆینە درا و دەستیانکرد بە پەلاماردانی یەکتری... لە پارچە گۆشتەکە نەبوونەوە، تا هەموو گیانی یەکتریان بریندار کرد! ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بۆ هەمیشە لە یەکتری جیا ببنەوە.

میاو میاو... کوا کەفاو؟

داناز عەبدولڕەحمان- هۆڵەندا



پشەی جوان و گوپ خرپن
وەرە با بتشۆین چڵکن
ئەمڕۆ گەرم و هەتاوە
بۆ خۆشتن گونجاوە
با پشەی چڵکن بشۆین
بۆ گەشتێکی دوور دەڕۆین
دەی خێرا،گورج وەرە
سۆندەی ئاوەکە، بەرە
کەفاو و ئاوی گـــەرم
تەشت و ئیسفنجی نەرم
کاتێ کە ئاومان پڕژاند
پشە تێر تێر ئەیمیاواند
میاو،میاو،کوانێ ئـاو
من چڵکنم کوا کەفاو
پیشە پێکەنی بە چـاو
لە خۆشیدا ئەیوت میاو
ئاومان خستە سەری
لە خۆشیا هەڵئەپەڕی
لە پڕ گریا وتی مـــیاو
چاوی پڕ بوو لە کەفاو
دایکم، جوان چاوی سڕی
کلکی قیت قیت هەڵبڕی
پشە گیان خاوێن بۆوە
پیسی و چڵکی لێبۆوە.

پشە، تەڕ تەڕ شل و مل
زریزەمان کردە مـــل
شلیلەمان گرتە دەست
بردمان بۆ سەیران و گەشت

ئۆتۆمبێلەکەی بابە




١. پێڵاوی کچۆڵەکە چی کەمە؟ وەک تاکەکەی تری، تەواوی بکە!

٢. کام ئامرازە بەشێک نییە لە کەرەستەکانی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل؟ نیشانەی لێ بدە.

٣. کوڕە بچکۆلانەکە پیتی یەکەمی ناوی چەند شتێکی نووسیوە. ئەو شتانە بدۆزەرەوە و بە هێڵێک بەیەکەوەیان ببەستەوە.

٤. کام سەبەتە لە هەموویان گەورەترە؟ بە ڕەنگی زەرد ڕەنگی بکە. کام سەبەتە لە هەموویان بچووکترە؟ بە ڕەنگی سەوز ڕەنگی بکە.


ج ن ج
3



مەشکە

ئا: ئەنوەر شارباژێڕی

سڵاو منداڵە چاوگەشەکان! ئایا تا ئێستا بیرتان لەوە کردووەتەوە کە پێش ئەوەی سەلاجە و خەڵاتە (میکسر) هەبێت، باپیرە و داپیرەکانمان چۆن کەرە و دۆی بەتام و فرێشیان دروست کردووە؟

وەرن با بە کورتی باسی "مەشکە"تان بۆ بکەم:

مەشکە لە چی دروست دەکرێت؟

مەشکە وەک تورەکەیەکی گەورە وایە، بەڵام لە قوماش نییە! مەشکە لە پێستی ئاژەڵ دروست دەکرێت. دوای ئەوەی بە باشی پاک دەکرێتەوە و دەشۆرێت، ئینجا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک خوێی پێوە دەکرێ. پاشان ترشاوی پێوە دەکرێت. دواتریش جەوتی بۆ دەکوترێ، جەوتەکە لە ئاودا دەکوڵێنن و مەشکەکەی تێدەکەن. پاشان لە جەوتەکە دەریدەهێنن، پەلەکانی دەبەستن و بە داریکدا هەڵیدەواسن تا وشک دەبێتەوە و دەبێتە مەشکەو دەبێتە ئامرازێکی زۆر بەهێز بۆ هەڵگرتنی شیر و ماست.



بۆ ئەوەی کەرەمان دەست بکەوێت، دەبێت مەشکەکە "بژەنین". واتە دایکان و داپیرانمان مەشکەکە بە داریکی تایبەت هەڵدەواسن و بە دەستەکانیان ڕای دەوەشێنن.

• دەزانن چەند کاتژمێر مەشکە دەژەنن؟ زیاتر لە کاتژمێرێک! وەک ئەوە وایە وەرزش بکەن تا ماستەکە دەبێتە دۆ و کەرە.

کاتێک مەشکەکە ماندوو دەبێت و پڕۆسەکە تەواو دەبێت، دوو دیاری جوانی پێیە بۆمان:

• کەرەی زەرد و بەتام: بۆ ناو نانی گەرم و بەیانیان.

• دۆیەکی سارد و فرێش: کە لە هاویندا زۆر خۆشە.

چونکە مەشکە لە سروشت دروست کراوە، خواردنەکانی ناوەوەی زۆر تەندروست و پاک دەهێڵێتەوە و ناهێڵێت تێک بچن.

منداڵە ئازیزەکان، ئایا حەز دەکەن وێنەی مەشکەیەک بکێشن یان لە داپیرەتان بپرسن کە چۆن لە گوند مەشکەی ژەندووە؟

خاڵخاڵۆکە

زارا ئەحمەد جاف



خاڵخاڵۆکەی باڵنەخشین
وەرە با لەگەڵ یەک بین
دەی خنجیلانەی شەرمن
بفڕە بۆ سەردەستی من
تۆی بێدەنگی ئێسک سووک
کۆڵوانەداری وەک بووک
وریاو چەلەنگ و زیرەک
ناترسی لە دەنگە دەنگ
لەدەشت بێ یان سەرگوڵان
باڵت دەکەیتەوە جوان
پێمان خۆشە بزانی
تۆ هاوڕێی هەموومانی